# عێراق و کوردان: کێشەکان بە درێژایی هێڵی تەماس



ڕاپۆرتی ژمارە 88 ی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتیی –I.C.G– تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەناونیشانی "عیراق و کوردان: کێشەکان بە درێژایی هێڵی تەماس"، 8ی ئەم مانگە لەڕێگەی سایتەکەیانەوە –CRISISGROUP.ORG– بڵاوکرایەوە...ڕاپۆرتەکە لە 36 لاپەڕە پێکهاتووە و سایتەکە جگە لە تەواوی ڕاپۆرتەکە، پوختەیەکی بە جیا لێ بڵاوکردۆتەوە...تێیدا هاتووە کە دوای کێشەی تائیفی، کێشەی نێوان کورد و عەرەب هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئارامیی لە عیراقدا و چارەسەریش تەنیا پێکهاتنی سیاسییە لەسەر مەسەلەکانی خاک و داهات و دەسەڵات لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی کێشەکەدا...لە پوختەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ساڵی 2003 و بە دروستبوونی بۆشایی ئەمنی لەو ناوچانەی ئێستا پێیان دەووترێ ناوچە مشت و مڕ لەسەرەکان، هێزی پێشمەرگەی کوردیی ڕژانە ناوچەکە و حکومەتی عیراقیش بە سەرۆکایەتی نووری ئەلمالیکی لەساڵی 2008 وە کەوتۆتە ململانێی هەژموونی کوردیی لەو دەڤەرانەدا و بۆ ئەم مەبەستەش لیوای 12ی سوپای عیراقی ڕەوانەی ئەوێ کرد...دواتریش ئیدارەی ئۆباما وەک وەڵامێک بۆ ئەو کارەی عیراق هێزی زیادەی ئاراستەی کەرکوک کرد و ڕۆڵی کاریگەرییان بینی لە ڕێگاگرتن لە پێکدادانی کوردی–عیراقی...

لە پوختەکەدا هەروەها هاتووە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان (وەک خوازیارە) دەیەوێت ناچار نەبێت دوای کشانەوە هێزێکی زۆر لە عیراق بهێڵێتەوە و یان لەوەش خراپتر بەهۆی شەڕی کورد و عەرەبەوە دووبارە بگەڕێتەوە ناو عیراق، با بەر لە کشانەوەی دڵنیابێ لە ڕێککەوتنی کورد و عەرەب... گرووپەکە هەروەها دەڵێن کەمیی کەناڵی پەیوەندی و گفتوگۆ لەنێوان لایەنی کوردی و عیراقیدا لەوانەیە وا بکات گیروگرفتی لۆکالی و پێکدادانی بچووک پەرە بسێنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ بەدرێژایی ئەو سنوورەی لەنێوان هەردوو لادایە کە لە سنووری سووریاوە تا سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە.. بەهۆی درێژی ڕاپۆرتەکە و پوختەکەشەوە، بواری وەرگێڕانی ڕاپۆرتەکە وەک خۆیمان نەبوو، تەنها پێشنیارەکانی گرووپەکەمان دەقاو دەق وەرگێڕاوە وەک لە خوارەوەدا هاتووە:

پێشنیاری گرووپی تەنگژەی جیهانی بۆ لایەنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکان و عیراق و کورد:

+بۆ حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان:

1 –دەست بە گفتوگۆ بکەنەوە لە مەسەلە جێگای گرنگیپێدانەکان، وەک:

ئا–لیژنە پێنج ڕێبەرییەکە پێکبهێننەوە و دەست بە وتووێژ بکەنەوە دەربارەی پرسەکانی وەک ناوچە مشت و مڕ لەسەرەکان، هاوبەشیی دەسەڵات و چاکسازیی دەستووری و مەسەلەی ئاساییش و پێشمەرگە و سیاسەتی دەرەکی و ئابووری و نەوت و گاز...

بێ–گفتوگۆ لەسەر ناچە مشت و مڕ لەسەرەکان دەست پێبکەنەوە، وەک بەشێک لە زیندوو کرنەوەی هەوڵەکانی یۆنامی و بنیاتنانەوەی متمانە لە و ناوچانەدا بەپێی ڕێنماییەکانی ڕاپۆرتەکەی مانگی نیسانی یۆنامی...

سێ– پشتیوانیی گفتوگۆی ڕۆڵگێڕە سیاسییەکانی کەرکوک بکەنەوە بە ناوبژیوانیی یۆنامی و بەهێزکردنی ماددەی 23 تایبەت بە هەڵبژاردنی پارێزگاکان و بەتایبەت لە مەسەلەکانی هاوبەشیی دەسەڵات و کێشەی موڵکایەتی کەرکوک بە لەبەرچاوگرتنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لە نزیکترین کاتدا...

2 –ڕەزامەندینامە ئیمزا بکەن کە چیتر هەنگاوی تاکلایەنە لە کەرکوکدا نەنرێ، وەکوو گرێبەستی نوێی نەوت و گاز و زانیاری ڕاشکاوانە بدرێتە هێزە سەربازییەکان کە لە شوێنی ڕێکخراو و جیاکراوە و تایبەتدا نیشتەجێ ببن، جگە لەو حاڵەتانەی کە تێیدا هەردوولا ڕێکدەکەوون کاری سەربازیی هاوبەش لە دژی ئەو گرووپە تونڕەوانە ئەنجام بدەن کە لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسیدان...

3 –خۆ بەدوورگرتن لە گوتاری بریندارکەر–تەحریزی–بۆ پەیوەندییە دوو لایەنەکان، باری ناوچە مشت و مڕ لەسەرەکان و گرێبەستە نەوتییەکان تێیاندا بەتایبەت کە ئێستا بەرەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە 25ی تەمموز و هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکەی عیراق لە 30ی کانوونی دووەمی 2010 دەچن...

4 –ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی کەناڵی پەیوەندی و هاریکاری، لەوانەش:

ئا–کەناڵێکی پەیوەندی زوو زوو بکەنەوە لەنێوان سەرەکوەزیران نووری ئەلمالیکی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی یان لەڕێگەی نوێنەرە پایە بڵندەکانیانەوە...

بێ–دیاریکردنی بەرپرسێک لە هەرلایەک بۆ هەریەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و کوردستان لەپێناو هاندانی هەرچی زووتر کەمکردنەوەی مشت و مڕەکان...

سێ–دامەزراندنی مەڵبەندێکی تەنسیقی سەربازیی هاوبەش لە ناوچەکانی دەرەوەی شار لە پارێزگای کەرکووکدا بە درێژایی هێڵەکانی تەماس بە مەبەستی ئاگاداربوونی هاوبەش لە هەر پێشڤەچوون و ڕووداوێک...

دێ–بازگەی هاوبەشی سوپا و پێشمەرگە لە ناوچە مشت و مڕ لەسەرەکاندا دروست بکەن، وەک لە دەڤەری دیالە کرا، بە ڕێنمایی کۆمیتەیەکی ئەمنیی هاوبەشی هەردوو حکومەت و بە کارگێڕیی لیژنەیەکی هاوبەش کە نوێنەرانی سیاسی حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێدابێ...

+بۆ نێردراوی هاریکاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق–یۆنامی–:

–5 پشتیوانیی گفتوگۆ لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو کێشانە بکەن، ئەویش بە دابینکردنی شارەزای تەکنیکی و ڕاوێژکاری سیاسی لە هەموو خاڵەکانی گفتوگۆدا...

–6جووڵاندنی لایەنەکانی گفتوگۆ و دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆیان تا بگەنە سەفقەیەکی مەزن کە پێکهاتنی تێدابێ لەسەر مەسەلەی دەسەڵات و داهات و زەوی، وەک ئەوەی ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ناوچە مشت و مڕ لەسەرەکان پێشنیاری کردبوو...

+بۆ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان:

7 –فشارێکی بەهێز بخەنە سەر لایەنە عیراقییەکان و سەرچاوەی سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازی و دارایی تەرخان بکرێ بۆ کشانەوەیەکی مەسئولانەی ئەوتۆ کە لە پشت خۆیەوە دەوڵەتێکی تەمەن درێژ پێکدێنێ و گەرانتی پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە و تەمەندرێژی کورد و عەرەب لە عیراق دەکات...

8 –پشتیوانیی تەواو لە یۆنامی بکەن لە ناوبژیوانیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو کێشانەدا...

9 –بەردەوام بن لە فشار خستنە سەر سوپای عیراق و یەکەکانی پێشمەرگە هەتا هەنگاوی تاکلایەنە لە ناوچە مشت و مڕ لەسەرەکان نەنێن و میکانیزمی پەیوەندی و هاریکاریی ئەمنیی نێوان هەردوولا بەهێز بکرێ هەتا ئەگەری پێکدادانی توندوتیژ کەم بکرێتەوە...

**پسپۆڕانی گرووپی تەنگژەی جیهانیی**



**وێنەی لێدوان:**

چەند ئەندام پەرلەمانێکی کورد ڕەشنووسی دەستوور دەخوێننەوە...

فۆتۆ: ئەسۆشیەیتد پرێس

## مەحموود عوسمان: نابێ هاریکاریی بیانی ڕەت بکەینەوە



ئەسۆشیەیتد پرێس شرۆڤەیەکی سیاسی بۆ ئەو وتەیەی مالیکی کردووە کە وتوویەتی ڕازی نابین لایەنی دەرەکی دەست وەربداتە پرۆسەی ئاشتی و مەسەلەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی لە عیراقدا، کە بە بۆچوونی زۆرێک لە شارەزایان مەبەستی لە وولایەتە یەکگرتووەکان و بەتایبەت جۆزیف بایدن بووە.. لەو شرۆڤەیەدا هاتووە کە ئەمەریکییەکان ڕەخنە لە مالیکی دەگرن کە لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا کە باری ئەمنی باش ببوو نەیتوانیوە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی لەسەر مەسەلە ئایینی و ئێتنیکییەکانی عیراق پێکبهێنێ... هەروەها پێشیان سەیرە کە مالیکی بە ئاماژە بە باشبوونی باری ئەمنیی، تەنیا ستایشی هێزە ئەمنییەکانی عیراقی کردووە و ڕۆڵی هاوپەیمانانی پشتگوێ خستووە لەکاتێکدا گومانێکی زۆر لە توانای سوپای عیراق بۆ ڕاگرتنی باری ئەمنی دەکرێت...

لە شرۆڤەکەدا هەروەها هاتووە، بەڵام لە زۆر ڕووەوە عیراق هێشتا پێویستی بە هاریکاری ئەمەریکایە: وەک هەوڵدان بۆ لادانی گەمارۆکانی ساڵی 1990ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عیراق، هەوڵەکانی بنیاتنانەوە و هاریکاری تەکنیکی و ڕاهێنان بە هێزە ئەمنی و سوپاییەکانی عیراق...

لەم بارەیەوە ڕای مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەانی عیراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە ووتوویەتی "نابێ هیچ پێشنیارێکی بیانی بۆ هاریکاریی ڕەت بکەینەوە...ئێمە ئەزموونی 6 ساڵ لە شکستمان هەیە لە بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیدا"...

## دەتەپە داوای فیدراڵیی بۆ کوردستانی باکوور دەکات

تودەیس زەمانی تورکی 9ی ئەم مانگە ئاشکرای کرد عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر بەناوی 98 سەرۆک شارەوانیی کوردی سەر بە دەتەپەوە داوانامەیەک دەخەنە بەردەم عەبدوڵلا گویل بۆ چارەسەری کێشەی کورد...

تودەیس زەمان دەڵێ ئەو سەرۆک شارەوانییانە داوای خۆڕێبەری بۆ کورد و بە فیدرالیی کردنی پێکهاتەی دەوڵەتی تورکیا دەکەن.. ئەوان هەروەها داوایان کردووە دەسەڵاتی شارەوانییەکان زیاد بکرێ و پەرلەمانێکی خۆجێیی بۆ کوردان دروست بکرێ و شارەوانییەکان خۆیان پەرە بە سامانە سرووشتییەکانی ناوچەکانیان بدەن...جگە لەمە داوایان کردووە هەموو کەس ئازاد بێ بە زمانی دایکی بخوێنێ و بۆ مەسەلەی زمانەکانیش لە دەستووری تورکیادا، سوود لە هەندێ بەندی دەستووری ئێراق وەربگیرێت.. سەرۆک شارەوانییە کوردییەکان هەروەها داوا لە دەوڵەتی تورک دەکەن بۆ چارەسەری کێشەی کورد، دەست بداتە گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلان...

## سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا: کێشەمان لەگەڵ باکووری عێراق نییە



سایتی هابەر تورک 9ی ئەم مانگە بڵاوی کردەوە هەمان ڕۆژ و لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی مۆنتینیگرۆدا کۆکسال تۆپتان سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا وتوویەتی تورکیا کێشەی لەگەڵ کوردانی نیشتەجێی باکووری عیراقدا نییە...

تۆپتان وتوویەتی ئەو عیراقییانەی لە باکووری عیراقەوە لە ستەمی سەدام حسێن هەڵدەهاتن، ڕوویان لە خاکی تورکیا دەکرد و بۆ چەندین مانگ و ساڵ دەمانەوە و بەڕێوەبەرانی محەللیی باکووری عیراقیش (سەران و بەرپرسانی کوردستان) بە پاسپۆرتی تورکییەوە سەردانی وڵاتانی سەرتاسەری جیهانیان دەکرد...

بە وتەی ئەو هۆی گرفتەکان پەکەکەیە کە ئەو بە تیرۆریست ناوی دەبات کە سوود لە بۆشایی سیاسی باکووری عیراق وەردەگرن تا بیکەنە بنکەی خۆیان و لەوێوە هێرش دەکەنە سەر خاکی تورکیا...

تۆپتان ووتوویەتی بۆ ئەو کێشەیە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەین و ناوبەناویش لەگەڵ کارگێڕانی محەللیی باکووری عیراق لەو بارەیەوە قسە دەکەین...

## زانکۆی هەکاری ماڵپەڕێک بە کوردی دروست دەکات

10ی تەموز سایتی ڕۆژنامەی حوڕییەتی تورکی بڵاوی کردەوە زانکۆی هەکاری بووە یەکەمین زانکۆ لە تورکیا کە بە زمانی کوردیی وێبسایتێک چێ دەکات...

سایتەکە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەست بە وەشاندن دەکات و تایبەتە بە مافی ژنان و پێگەیان لە خێزان و کۆمەڵگەی کوردیدا و ئەدرێسەکەی بریتییە لە www.jinakurd.org